کەسێک لەهەولێر خوشکەکەی خۆی کوشت وخۆی رادەستی هێزەکانی پۆلیس دەکات

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر رایگەیاند، لە گوندی پیرەشی سەر بە ناحیەی کەسنەزانی شاری هەولێر کەسێک لەسەر کۆشیەکی کەمەڵایەتی خوشکەکەی خۆی کوشت.

ئەمڕۆ هەینی ٢٣ـی ئایاری ٢٠٢٥، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر رایگەیاند، لە گوندی پیرەشی سەر بە ناحیەی کەسنەزانی شاری هەولێر کەسێک خوشکەکەی خۆی کوشت و دواتر تەمەنبارکە خۆی رادەستی هێزەکانی پۆلیس کرد.

ئاماژەی بۆشکرد، ئەو ژنەی کە کوژراوە تەمەنی ٤٠ ساڵە و دوای چوونی پۆلیس بۆ شوێنی رووداو و ئینجامدانی لێکۆڵینەوە، دوای چەند کاتژمێرێک تەمەنبار خۆی رادەستی هێزەکانی پۆلیس کرد.

باسی لێوەشکرد، تەمەنبارکە پێشتر لێکۆڵینەوەی بۆ کرایەوە و رادەستی دادگا کراوە و لێکۆڵینەوەش لە رووداوەکە بەردەوامە.